

ژووری هەڵبژاردنی گۆڕان

Gorran Election Room

# هەڵبژاردنی

# پەرلەمانی ئیسرائیل

# (کنێست)

ئامادەکردنی: ژورک هەڵبژاردنی گۆڕان

ئازارک ٢٠٢١

# هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئیسرائیل (کنێست)

**بایۆگرافیای دەوڵەتی ئیسرائیل:**

(ئیسرائیل) دەوڵەتێکە دەکەوێتە رۆژئاوای ئاسیاوە، لە سەر کەناری رۆژئاوای دەریای ناوەڕاست ، لەباکورەوە هاوسنورە لەگەڵ لوبنان ، لە باکوری رۆژئاواوە لەگەڵ سوریاو لە رۆژهەڵاتەوە لەگەڵ زیفەی رۆژئاوایی فەلەستین و ئوردن و لە باشورەوە لەگەڵ کەرتی غەزەی فەلەستینی و میصردا سنووری هەیە.

ئیسرائیل لە ١٤ی ئایاری ١٩٤٨ دامەزرا، لەلایەن ئەنجومەنی یەهودی سەهیۆنیەوە راگەیەندرا لە فەلەستین.

وەرگرتنی سەربەخۆیی: سەربەخۆیی لە حوکمی بەریتانیا لەسەر فەلەستین (١٤ی ئایاری ١٩٤٨)

دانپێدانانی نەتەوە یەکگرتوەکان: ١١ی ئازاری ١٩٤٩

پایتەخت: ئۆرشەلیم (قودس)

گەورەترین شاری: ئۆرشەلیم (قودس)

زمانە فەرمیەکانی: عیبری، عەرەبی

گروپە رەگەزیەکانی: ٧٥% جولەکە، ٢٠% عەرەب، ٥% ئەوانی دیکە

سیستم: پەرلەمانی

سەرۆک: ریوڤن ریڤلین

سەرۆک وەزیران: بینیامین ناتانیاهۆ

ژ. دانیشتوان: ٧،٤١٢،٢٠٠ حەوت ملیۆن و چوارسەدو دوانزەهەزارو دووسەد کەس (٢٠٠٨)

دراو: شیکڵ

سرودی نیشتیمانی: هاتیکڤاه

ئایین: ٧٤.٢% جولەکە، ١٧.٨%ئیسلام، ٢% کریستیان،٦.١% دورزی ،٤.٤% ئەوانی دیکە.

بارەگای کنێست، شوێنی کۆبوونەوە: ئۆرشەلیم – ئیسرائیل.

هەڵبژاردن بۆ ٢٣ەمین خولی کنێست: ٢ی ئازاری ٢٠٢٠.

کۆتا هەڵبژاردن بۆ ٢٤ەمین خولی کنێست، هێشتا ئەنجامی کۆتایی ڕانەگەیەندراوە: ٢٣ی ئازاری ٢٠٢١.

ڕێژەی دەنگدەر بۆ دەنگدانی ئازاری ٢٠٢١: (٦،٥٧٨،٠٨٤) شەش ملیۆن و پێنج سەدو حەفتاو هەشت هەزارو هەشتاو چوار دەنگدەر مافی دەنگدانی هەیە، ٣٩ پارت و قەوارەی سیاسی کێبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ١٢٠ کورسی کنێست (پەرلەمان).

## دەستور لە دەوڵەتی ئیسرائیل:

دەوڵەتی ئیسرائیل یاسای بنەڕەتی هەیە کە لەلایەن کنێستی ئیسرائیلەوە دەرچوە، دەسەڵاتەکانی کنێست و سەرۆک وەزیران و سەرۆکی دەوڵەت دیاری دەکات ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیارە بەرامبەر کنێست، لە ژێر سەرپەرشتی ڕەمزی سەرۆکی دەوڵەتدایە ژیانی دەستوری وڵات و ژیانی تاکەکانی کۆمەڵی ئیسرائیل بەهۆی یاسای بنەڕەتیەوە بە باشترین شێوە ڕێکخراوە و هەڕەمی سیاسی وڵات داڕێژراوە.

## هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان لە ئیسرائیل:

سیستمی ئیسرائیل بە سیستمێکی پەرلەمانی دەناسرێت کە سیستەمەکە بنەماکانی بە بەرجەستەکردنی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتی یاسا دانان و جێبەجێکردن دێتەدی ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی دو ماف بۆ ئەو دەسەڵاتانە:

1- مافی کنێست بە نەدانی متمانە بەوەزارەتەکان کە پێیدەوترێت لێپرسراوێتی سیاسی وەزارەتەکان بەرامبەر بە نوێنەرایەتی کنێست.
2- مافی حکومەت بۆ لابردنی دەستەی نوێنەرایەتی و دواتر دروستکردنی بە هەڵبژاردنی گشتی نوێ.

له سیستمی ئیسرائیلدا مافی لابردن به تەنها به کنێست دراوه نەک حکومەت، چونکه (یاسا بنەڕەتیەکان) مافی داوه به کنێست به متمانه نەدان بەحکومەت بەم پێیەش حکومەت دەست لەکار دەکێشتەوه هەروەها حکومەت دەستەوەسانه بەرامبەر نوێنەرایەتی کنێست که هەر کاتێک بیەوێت وەزارەتێک بخات یان لای ببات.

سەرۆکی دەوڵەت له لایەن ئەندامانی کنێستەوه هەڵدەبژێردرێت، سەبارەت به دیاری کردنی ئەو کەسەی که دەنگی بۆ ئەدەن ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان (١٢٠) ئەندامەو (١٠) ئەندام دەتوانن کەسێک دیاری بکەن بۆ ئەو پۆسته، دەنگدانەکه بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجامدەدرێت و ئەگەر ئەو  پاڵێوراوه زۆرینەی رەهای دەنگەکانی به دەست هێنا، ئەوا سەرکەوتن به دەستدەهێنێت، بۆیه سەرۆکی دەوڵەت هەمیشه ملکەچی بڕیاری کنێستەو بەتایبەت ئەو پارتانەی که خاوەنی زۆرترین ئەندامن.

ماوەی سەرۆکایەتی حەوت ساڵەو له یەکجار زیاتر ناتوانێت خۆی هەڵبژێرێت. سەرۆکی کنێست هەمیشه رۆڵی جێگری سەرۆک کۆمار دەبینێت له کاتی ئاماده نەبونی یان نەخۆش کەوتنی یان دورخستنەوه و دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆک کۆمار. سەرۆکی دەوڵەتی ئیسرائیل پەیڕەوی ئەو دەسالآتانه ناکات که سەرۆکی دەوڵەتانی تری پەرلەمانی پەیڕەوی دەکەن لەبەر ئەوەی دەسەلآتەکانی کەمکراوەتەوه، بەواتایەکی تر پایەی سەرۆک لاوازه له چاو ولآته پەرلەمانیەکانی تری جیهان.

**دامەزراوەکانی حکومڕانی لە ئیسرائیل:**

**یەکەم/ کنێست (پەرلەمان):**

کنێست مانای ئەنجومەنی یاسادانان دەبەخشێ و دامەزراوەیەکی گرنگەو ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە هەلومەرجی سیاسی ئیسرائیلدا.

**أ. پێکهاتەی کنێست و سیستمی هەڵبژاردنی ئەندامەکانی کنێست:**

ژمارەی ئەندامانی کنێست (120) ئەندامەو چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت، هەمو هاوڵاتیەکی ئیسرائیلی ئەتوانێت بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بکات بە مەرجێک تەمەنی (18) ساڵی تەواو کردبێت تەنها مافی دەنگدانی هەیە بەڵام ئەو کەسەی خۆی کاندید دەکات ئەبێت تەمەنی (٢١) ساڵی تەواو کردبێت.

سیستمی هەڵبژاردن بەشێوەی نوێنەرایەتی ڕێژەیی Representation system Proportionalو بە لیستی داخراو دەبێت بەم پێیە هەرپارتێک یان هەر کەسێک بتوانێت (750) واژۆ کۆبکاتەوە ئەتوانێت بەشداری بکات و لیستێک پێشکەش بکات، لێرەدا دەبینین لەم شێوە هەڵبژاردنەدا دەنگدەرەکان پابەندن بە بیرو باوەڕی سیاسیەوە کە دەنگدەدەن بە لیست، بێ لایەنەکان کە سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نین وەک پێویست بەشداری ناکەن لە پرۆسەکەدا، بەهۆی زۆری کاندیدی لیستەکانەوە لێهاتوی و شارەزای کەسەکان دەرناکەوێ و دەنگدەر ناتوانێت بەشێوەیەکی دروست بیان ناسێ و کەسی شیاو هەڵبژێرێت، ئەم شێوە هەڵبژاردنە کارئاسانی دەکات بۆ پارتەکان و هەرلایەنە بە گوێرەی بنکە جەماوەرییەکەی ژمارەی کاندیدەکان لە لیستەکاندا دیاری دەکات.

ئەم جۆرە هەڵبژاردنە کاریگەری خۆی لە سەر لاواز بونی پارتە گەورەکان هەیەو لە بەرژەوەندی پارتە بچوکەکاندایە چونکە دەبێتە هۆی زیادبونی پارتی سیاسی تر، کە ئەمەش بۆ خۆی کاریگەری هەیە لەسەر نا جێگیری سیاسی وڵات لەبەر ئەوەی هەر پارتێک بەتەنها خۆی ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، بۆیە بە ناچاری ئەو پارتانەی کە لە روی ئایدیا و بەرنامەوە نزیکن هەوڵدەدەن هاوپەیمانیەک پێکبهێنن بۆ دروستکردنی حکومەت ، بەشێوەیەک گەر یەک لە سەر سێ (3/1)ی کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنن بتوانن (3/1)ی کابینەی حکومەت لای ئەوان بێت ، بۆئەوەی لەکاتی کشانەوەی لایەنێک حکومەت هەڵبوەشێتەوە ، ئەمەش بە یەک لە سەر سێ (3/1)ی لەکارخەر (ثلث المعطل) ناودەبرێت.

پاش پرۆسەی هەڵبژاردن یەکەم کۆبونەوە بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندامی کنێست دەست پێدەکات، لەهەمان کۆبونەوەدا سەرۆکی کنێست و جێگرەکانی بە زۆرینەی دەنگ دیاری دەکرێن، هەمیشە پێنج جێگری سەرۆکی پەرلەمان دیاری دەکرێت کە زۆر لە پارتەکان یەک ئەندامیان وەک جێگری سەرۆک لە (کنێست) دا دەبێت، ماوەی دەسەڵاتی کنێست چوار ساڵە. هەمو بڕیارێک بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوان دەردەکرێت، دەگونجێ پەرلەمان لە کاتی پشوی فەرمیدا لەسەر داوای (20) لە ئەندامانی کنێست یان لەسەر داوای حکومەت کۆبونەوەی نائاسایی ببەسترێت.

### ب. دەسەڵاتەکانی کنێست:

سەرۆکی کنێست رۆژی کۆبونەوەکان دیاری دەکات یان دوایان دەخات یان کۆبونەوەی زیاد و پێویست بەڕەزامەندی ئەندامانی کنێست ئەنجامدەدات، ژمارەی ئەندامانی ئامادەبو هەرچەندبێت کۆبونەوەکە یاسایی دەبێت جگە لەو کۆبونەوانەی دەقی لەسەر داوەو پێویستی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان هەیە وەک بودجە، ئەمجۆرە دەنگدانە ناکۆکە لەگەڵ ئاسایترین رەوشی دیموکراتیەت کە بە مەرج دانراوە دەبێ زیاتر لە نیوەی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی ئامادەبن تاکۆبونەوەکە شێوەی یاسایی وەربگرێت، لەم بوارەدا ئیسرائیل کاریگەری سیستمی ئینگلیزی لەسەرە کە مەرج نیە زیاتر لە نیوە ئامادەبن تاکۆبونەوەکان یاسایی بن.

### ج. کنێست و پڕۆژەی یاسایی:

کاتێک پڕۆژەیەک دەخرێتە بەردەم کنێست دەبێت بە (48) سەعات پێش هەر کۆبونەوەیەک پێشکەش بکرێت، لە کۆبونەوەکەدا ئەو وەزیرەی پێشنیارەکەی بەرزکردۆتەوە بۆ یەکەم جار لەبەردەم (کنێست) دا دەیخوێنێتەوە، لێرەدا ئەگەر ئەندامێک یان چەند ئەندامێک هەڵوێستیان دژ بە پڕۆژەکە هەبێت ئەوا وتوێژی لەسەر دەکەن و وەزیریش دەتوانێت بەرگری لە پێشنیارەکەی بکات، دواتر دەستدەکرێت بە دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاساکە، ئەگەر زۆرینەی دەنگی نەهێنا ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بەڵام بۆ جارێکی تر هەمان پڕۆژە بەهەمان فۆڕم و شێوە ناخرێتە بەردەم کنێست، بەڵام ئەگەر ئەندامان رازی بون لەسەر پڕۆژەکە ئەوا رەوانەی لای لیژنەی تایبەت دەکرێت بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت جگە لەمەش ئەگەر پێویستی کرد دەستکاری بکرێت، دوای چاککردن دوبارە دەگەڕێتەوە بەردەم کنێست و دەخوێنرێتەوە.

لەدوای هەفتەیەک بۆ جاری سێهەم دەخوێنرێتەوە ئەگەر بەزۆرینەی دەنگ رازی بون، ئەوا سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان و دواتر سەرۆکی حکومەت واژۆی دەکەن لە کۆتاییدا پڕۆژەکە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان ناتوانن دژی یاساکە بوەستن پاش ئەوەی لەلایەن کنێستەوە بڕیاری لەسەر درابێت، دواتر وەزیری داد مۆری دەکات و مۆری دەوڵەتی لەسەر دادەنرێ و لە ماوەی (15) رۆژدا لە رۆژنامەیەکی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

### د. مافی پارێزراوی (حصانە)ی کنێست:

- نابێت هەندێک خۆپیشاندان و کۆبونەوە لە بەردەم تەلاری پەرلەماندا ئەنجام بدرێت بە بێوەرگرتنی مۆڵەتی پێشوەخت لە سەرۆکی کنێست، هەرخۆپیشاندەرێک رێز و سەروەری کنێست پێشێل بکات بۆ ماوەی دوو ساڵ زیندانی دەکرێت.
- ئەندامانی کنێست ملکەچ نابن بۆ هەرلێپرسینەوەیەکی یاسایی چ مەدەنی بێت یان جینائی لەسەر هەربیر و رایەک یان دەنگدانێک کە لەئەنجامی چالاکی ئەو ئەندامە بێت چ لە ناو کنێستدا بێت یان لەدەرەوەدا تا ئەو کاتەی کە ئەندامی کنێستە.

### ه. لیژنە هەمیشیەکان:

کنێست لە نێو ئەندامەکانیدا چەند لیژنەیەک دیاری دەکات، نوێنەرایەتی کردن لەو لیژنانەدا لەسەر بنەمای حیزبی دەبێت، پڕۆسەی دیاری کردنی لیژنەکان لە ئەرکە لە پێشینەکانی کنێستە، ئەم پڕۆسەیە ملکەچە بۆ یاسایەک بەناوی یاسای ژماردن (القانون عدد).

**دووەم/ ئەنجومەنی جێبەجێکردن:**

حکومەت کۆڵەکەیەکی سەرەکی و گرنگی وڵاتی ئیسرائیلە، ئەو چالاکیانە رێکدەخات کە پەیوەندی بە کاروبارەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتەوە هەیە واتە کاروبارەکانی وڵات بە هەموو بەشەکانیەوە رێکدەخات لەهەمان کاتدا پەیوەندی نێودەوڵەتی و سیاسەتی دەرەوە دادەرێژێت، ئەرک و دەسەڵاتەکانی حکومەت بە پێی چەند یاسایەک دیاری کراوە وەک (سیستمی یاساو بەڕێوەبردنی وڵات ساڵی 1948 - یاسای گواستنەوە ساڵی 1949 تاکاتی دانانی یاسای بنەڕەتی حکومەت ساڵی 1968).

ماوەی یاسایی بۆ پێکهێنانی حکومەت (21) رۆژە و ئەتوانرێت جارێکیتر نوێبکرێتەوە، بەڵام ئەگەر بە هەردو جارەکە نەگەیشتنە ئەنجام بۆ پێکهێنانی حکومەت ئەوا سەرۆکی دەوڵەت کەسێکیتر بۆ ئەو مەبەستە رادەسپێرێت و ئەو کەسەش بەزۆری سەرکردەی پارتێکە کە زۆرترین نوێنەری هەیە لە کنێست، ئەگەر بەم رێگەیەش نەتوانرا ئەوا لەم کاتەدا کنێست بڕیاری هەڵوەشانەوەی خۆی دەدات و داوای هەڵبژاردنی نوێ دەکات.

**سێهەم/ دەسەڵاتی دادوەری:**

یاسای دادگا و دادوەری لە ئیسرائیلدا سەربەخۆ بونی دەسەڵاتی قەزایی و دادوەری لە هەردو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسا دانان دوپات دەکاتەوە، هاوڵاتی مافی هەیە داواکاری پێشکەش بکات بە دادگا بە هەمو جۆرەکانیەوە بە پێی چەند مەرجێک، لە ئەنجامی نەبونی دەستورێکی نوسراو دادگای باڵا رۆڵی گەورە دەبینێت لە بواری دادوەریدا، ئەم دادگایە دەسەڵاتی تەواوی هەیە سەبارەت بەکاروباری دەزگاکانی دەوڵەت و کەسەکان جگە لە کنێست و سەرۆکی دەوڵەت، لەگەڵ ئەمەشدا هیچ دادگایەک بۆی نیە دژی هەر یاسایەک بوەستێت کە کنێست پەسەندی کردوە.

**سیستمی هەڵبژاردن لە ئیسرائیل:**

لە وڵاتی ئیسرائیلدا سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی پەیڕەو دەکرێت لە پێناوی دیاریکردنی ئەندامانی کنێست، ئیسرائیل وڵاتێکی فرە پارتە ئەگەر چەند مەرجێکی دیاری کراو لە کەسێکدا یان لە گروپێکدا هەبو ئەوا بوار دەدرێت کە بەشداری هەڵبژاردن بکات، بەم پێیە ئەتوانن ببنە خاوەنی یەک کورسی یان چەند کورسیەک لە کنێستدا، هەڵبژاردن بە شێوەی لیست دەبێ بەجۆرێک هەر لیستێک ئەبێ ژمارەیەک (1500) هاوڵاتی پشتگیری و ئیمزای بکەن کە پێش هەڵبژاردن ئەخرێتە بەردەم لیژنەی تایبەت.

**سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی (Representation system Proportional):**

کاتێک لەناوی سیستمەکانی نوێنەرایەتی ڕێژەیی ورد دەبینەوە، لەو ئامانجە تێدەگەین کە لەپشت ناوەکەیەوە هەیە ئەویش بریتییە لە نوێنەرایەتییەکی ڕێژەیی قەوارە سیاسییەکان لەئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا، واتە هەر قەوارەیەکی سیاسی بەپێی ئەو دەنگانەی بەدەستیدەهێنێت، ڕێژەیەک لەکورسییەکانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی دەستدەکەوێت تەنها ئەوانەیان نەبێت کە ژمارەی دەنگەکانیان ناگاتە بردنەوەی کورسییەک.

**سیفاتە جیاکەرەوەکانی سیستمەکانی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بریتین لە:**

1- لەبازنەی فرە کورسیدا پیادە دەکرێت، واتە نابێت بازنەی هەڵبژاردنەکە لە یەک کورسی پێکهاتبێت.
2- زیاتر پشت بە لیستی فرە پاڵێوراو دەبەستێتو حاڵەتی باو ئەوەیە کە نابێت کۆی ژمارەی پاڵێوراوەکانی ناو هەر لیستێک لەکۆی کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکە زیاتر بێت.
3- دەنگدان تێیدا بە یەک خول تەواو دەبێتو خولی دووەمی نییە.
4- هەر پارتێک بەشێوەیەکی نزیکەیی، بە ئەندازەی ڕێژەی دەنگەکانی، کورسی بەردەکەوێت.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئیسرائیل ناسراو بە (کنێست) گرنگی تایبەتی هەیە لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە، هۆکارەکەی کاریگەری سیاسەتی ئیسرائیله لەسەر سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی، ئەم هەڵبژاردنەش هەڵبژاردنی ٢٣ی مارسی ٢٠٢١ چوارەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی وڵاتەکەیە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا، کە بەهۆی ناکۆکی و رێکنەکەوتنی قەوارە سیاسییە خاوەن پێگەکانی بەشدار لە (کنێست) بۆ پێکهێنانی حکومەت و یەکلاکردنەوەی بڕیارە سیاسییەکان چەندبارە دەکرێتەوە.

لە هەڵبژاردنی ٩ی نیسانی ٢٠١٩ی پەرلەمانی ئیسرائیل، پارتەکەی سەرۆک وەزیران (بنیامین ناتانیاهۆ) پارتی (لیکۆدی کۆنزەرڤاتیڤ) سەرکەوتنی بەدەستهێنا، دەنگەکانی بە رێژەیەکی بەرچاو بەرزبوەوە بە بەراوردکردنی لەگەڵ (١٦) ساڵی رابردوی باشترین ئەنجامی بەدەستهێنا، کە بە بەدەستهێنانی رێژەی (٢٦.٤٦%) توانی ٣٥ کورسی لە کۆی ١٢٠ کورسی (کنێست) بەدەست بهینێت، لەکاتێدا ململانێی هەڵبژاردنەکە لەنێوان بەرەی چەپ و بەرەی راستڕەوەکان بوو، سێ رکابەرەکەی دیکەی ناتانیاهۆ کە فەرماندەی دێرینی سوپا بون نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن، هەروەها (پارتی راستڕەوی شین و سپی) تازە دامەزراو بوە دوەمی هەڵبژاردنەکە، (پارتی راستڕەوی شین و سپی) بە سەرۆکایەتی بێنی گانتزو (پارتی داهاتو هەیە) بە سەرۆکایەتی (یایر لاپید) کە رکابەری پارتەکەی ناتانیاهۆ بون توانییان (٢٥٪)ی دەنگەکان بەدەست بهێنن.

لەدوای تێپەڕبونی تەنها یەک مانگ لە سوێندخواردنی ئەندامانی (کنێست) دەنگیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دا، ئەوەش روداوێکی سیاسی سەرنجڕاکێش بو، بەڵام بینیامین ناتانیاهۆ کە دەیەیەک سەرۆکایەتی ئیسرائیلی کردبو، لە هەڵبژاردنەکەی ٩ی نیسانی ٢٠١٩ەوە وا دەهاتە بەرچاو جارێکی دیکە ئەو پۆستەی مسۆگەرە، سەرئەنجام شکستی هێنا لەوەی زۆرینە دەستەبەر بکات، بۆیە وەک سەرۆک وەزیرانێکی کاربەڕێکەر ئامادەکاری کرد بۆ دوبارە هەڵبژاردنێکی تر.
لە هەڵبژاردنی نیسانی ٢٠١٩دا پارتەکەی ناتانیاهۆ (لیکۆد) ٣٥ کورسی بەدەستهێناو یەکسان بو لەگەڵ ژمارەی کورسییەکانی پارتی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندخواز (پارتی شین و سپی)، بەڵام ناتانیاهۆ چانسی زیاتر بو لە بێنی گانتز بەوەی ٦٥ ئەندامی بەرەی راستڕەو داوایان لێکرد حکومەت پێکبهێنێت، حکومەتی هاوپەیمانی لە ئیسرائیل بوە بە رێگەی راستی سیاسەتکردن لەبەرئەوەی سیستمی هەڵبژاردن بەشێوازێکە، ئەستەم دەبێت پارتێک بتوانێت بە تەنها زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت.

بنیامین ناتانیاهۆش شارەزاییەکی زۆری هەیە لە وتوویژو پێکهێنانی هاوپەیمانی، بەڵام ئەم جارەیان ململانێی نێوان دۆستەکانی وایان کرد نەتوانێت دەنگی پێویستی هاوپەیمانییەکەی بەدەست بهێنێت، لە کۆتا شەوی مۆڵەتدراوی یاساییدا پارتی لیکۆد رایگەیاند؛ تەنها توانیویەتی ٦٠ کورسی پەرلەمانی مسۆگەر بکات لەکاتێکدا پێویستی بە دەستەبەرکردنی ٦١ کورسی پەرلەمانی بو بۆ متمانەی پێکهێنانی حکومەت.

هۆکاری پێکنەهێنانی هاوپەیمانێتی باڵی راستڕەو ناکۆکیەکانیان بو لەسەر رەشنوسی یاسای سەربازی، ئەمەش کێشەی خستە نێوان هەردو هاوپەیمانەکەی ناتانیاهۆ (فراکسیۆنی عیلمانی ناسیۆنالیزمی و پارتە ئاینیە نەریتیەکان).

لە رابردودا ناتانیاهۆ دەیتوانی لە پارتی ناوەندخوازەکان نزیک ببێتەوە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکی جیاواز، یاخود بۆ گوشارخستنە سەر باڵی راستڕەو تا لەگەڵ یەک بگونجێن، بەڵام گەورەترین پارتی ناوەندخواز کە شین و سپی بون هەر زو خۆیان لێ دورخستەوەو رایانگەیەند؛ بە هیچ شێوەیەک کار لەگەڵ ناتانیاهۆ ناکەن چونکە تۆمەتی گەندەڵی لەسەرە، هەروەها گروپێکی چەپی ناوەندیش کە ناویان (پارتی کار)ە خۆیان لە ناتانیاهۆ بەدورگرت.

هەمو ئەمانەش بون بە هۆکاری ئەوەی ناتانیاهۆ هەمو هەوڵێکی بخاتە گەڕ بۆئەوەی پەڕلەمان خۆی هەڵبوەشێنێتەوەو تۆپەکە نەکەوێتە گۆڕەپانی سەرۆک ریوڤن ریڤلینەی رکابەری دێرینی، ئەگەر پەرلەمان خۆی هەڵنەوەشاندایەتەوە سەرۆک ریڤلینە دەیتوانی داوا لە کەسێکی تر لە پارتەکەی ناتانیاهۆ، یاخود پارتە رکابەرەکەی بکات کە حکومەت پێکبهێنێت لەبەرئەوەی خاوەنی هەمان رێژەی کورسی بون.

ناتانیاهۆ کەیسی گەندەڵی بەرامبەری جوڵێندرابو کاریگەری هەبو لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی نیسانی ٢٠١٩و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوشدا کاریگەری هەبو، لە مانگی شوباتی ٢٠١٩ داواکاری گشتی پلانێکی راگەیاندو تیایدا ناتانیاهۆ تۆمەتبارە بە (بەرتیل و پێشیلکردنی متمانەو ساختەکاری)، بڕیاردرا مانگی تشرینی یەکەم دەستپێکی پرۆسەی دادگاییکردنەکەی بێت، بەپێی یاسا ئەگەر تۆمەتەکان پشتڕاستبکرێنەوە ناتانیاهۆ دەبێت دەست لەکاربکێشێتەوە ناتانیاهۆش بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەوە بە پاڵنەرێکی سیاسی جوڵێندراوەو تا تەنها تۆمەتبار بێت لە کارەکەیدا دەمێنێتەوەو ئەمەش بەپێی یاسا رێگەپێدراوە تا سزاکەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، پارتی لیکۆد لە ماوەی رابردوودا هەوڵی دەدا یاسایەک دەربکات تێیدا پارێزبەندی ببەخشێت بە سەرۆک وەزیران، تا دادگایی نەکرێت لە کاتێدا کە سەرۆک وەزیرانە بەڵام بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان ئەم هەلەشی لەدەست چو.

١٧ی ئەیلولی ٢٠١٩ دیاریکرا بە رۆژی دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردن و پێش ئەو ماوەیەش ناتانیاهۆ پێش داود بنگۆریۆن دامەزرێنەری ئیسرائیل کەوت، کە زۆرترین ماوە سەرۆک وەزیران بوە لە مێژوی ئیسرائیلدا.

لە ئەنجامی دوەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئیسرائیلدا پارتی ناوەندخوازی (شین و سپی ) بە سەرکردایەتی بینی گانتز بوە گەورەترین لیستی براوە بە بەدەستهێنانی ٣٣ کورسی لەبەرامبەر ٣٢ کورسی لیستە رکابەرەکەی (لیکۆد) بە سەرکردایەتی بنیامین ناتانیاهۆ.

لەم هەڵبژاردنەدا عەرەبەکان بە لیستێکی هاوبەش بەشدارییان کرد بە سەرکردایەتی (ئەیمەن ئودە)و تێیدا سەرکەوتنی گەورەیان تۆمار کرد و بوون بە لیستی سێیەم بە بەدەستهێنانی ١٣ کورسی پەرلەمانی، هەر لە سەرەتاوە هاوپەیمانی پارتە عەرەبییەکان پشتگیری لیستەکەی بینی گانتز سەرۆکی پێشوی سوپای ئیسرائیلیان کرد.

لەبەرئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا هیچ کام لە ناتانیاهۆو گانتز نەیاندەتوانی بە تەنها هەوڵی پێکهێنانی حکومەت بدەن، بۆیە شانەی لیستی عەرەبی کۆتایی هێنا بە سیاسەتی ئاسایی خۆی لە پشتگیری نەکردنی لە هیچ کاندیدێک، ئەم پشتگیریەش بوە هاندەرێک تا سەرۆکی ئیسرائیل (ریوڤن ریڤلێن) گانتز راسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت.

پێشتر هەرگیز کەمینەی عەرەبی ٢١٪ی هیچ کاتێک لە ئیسرائیلدا بەشێک نەبوە لە هیچ حکومەتێک، بەڵکو زیادبونی رێژەی دەنگدەرانی عەرەبی کردیە لیستی سێیەم گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی، ئەمەش دەبێتە دروستکردنی رێگایەک بۆ دەربڕینی سکاڵای عەرەبی لە جیاکاری لە کۆمەڵگەی ئیسرائیلداو پێوانەی لایەنە عەرەبەکان، کە جیاوازی بەرچاویان هەیە لەگەڵ لایەنی زۆرینەی جولەکەکان و پلاتفۆرمێکی گەورەتر لەسەر زۆر پرسی سیاسی.

بەوهۆیەش ئەیمەن ئۆدە سەرۆکی لیستی عەرەبی بە ریڤلینی راگەیاند؛ ئەو ویستویەتی کۆتایی بە ماوەی ناتانیاهۆ بهێنێت و بەوهۆیەش پێی باشە بۆ حکومەتی داهاتو پشتگیری لە گانتس بکات، پشتگیریەکەشی مانای ئەوە نەبو لیستی هاوبەشی لە هاوپەیمانی حوکمڕانیدا هەبێت، بەڵام مانای ئەوەیە کە گانتس سەرکردایەتی کوتلەیەکی چەپی ناوەند دەکات کە ٥٧ کورسی هەیە، لە کاتێکدا بلۆکی راستڕەوی ناتانیاهۆ خاوەنی ٥٥ کورسیە.

لە ئەنجامدا ناتانیاهۆ ئیدانەی هەنگاوەکەی لیستی عەرەبی کردو پشتگیری لیستی عەرەبی بۆ گانتسی بەوە ئیدانە کرد کە تەنیا دو بژاردە هەبو:

- حکومەتێکی کەمینە کە لە بەرژەوەندی ئەوانەدا بێت کە بونی ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی جولەکەی دیموکراتیک رەتدەکەنەوە.
- یاخود حکومەتێکی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی

بەڵام گانتز داواکاریەکانی ناتانیاهۆی بۆ چونە ناو حکومەتێکی یەکبون رەتدەکردەوە، ناتانیاهۆ ئاماژەی بەوەدەکرد کە ئەنجامدانی رێککەوتنی نێوانیان پەیوەستە بە دوو گەوورەترین حیزبەوە بۆ یەکخستنی هێزەکانیان، بۆئەوەی پێکەوە سیستمێک دابمەزرێنن و بەڕێوەبەن کە ببێتە هۆی ئەوەی حکومەتێکی سەقامگیر پێکبێت، رایگەیاند؛ خەڵک ئەمەی دەوێت و هیچ کام لە ئێمە ناتوانێت ئەوە پشتگوێ بخات.

لە کۆتاییداو پاش چەندین هەوڵ لەلایەن سەرۆک ریڤلین و پارتە سیاسییەکانەوە، کۆتاجار سەرۆکی پارتی راسپێردراو بێنی گانتز سەرۆکی وڵاتی بۆ پێکهێنانی حکومەت دیاریکردەوەو رایگەیاند؛ نەیتوانیوە متمانەی زۆرینە بەدەستبهێنێت و لە کۆتاییدا ناتانیاهۆ ٥٥ ئەندامی راسترەو و ئاینییەکانی بەدەستهێنا، هاوکات گانتز تەنها ٥٤ دەنگی ئەندامی ناوەڕاست و چەپی بەدەستهێنا.

پاش ئەوەی هەریەک لە ناتانیاهۆ و گانتز وەک دو سەرۆکی لیستی یەکەم لە دو هەڵبژاردندا لە پێکهێنانی حکومەت شکستیان هێنا، بەپێی یاسای ئیسرائیلی (کنێست)ی ئیسرائیلی ماوەی ٢١ رۆژی دەبێت بۆ کاندیدکردنی ئەندامێکی کنێست، بۆ پێکهێنانی حکومەت ئەگەر ئەو کارە ئەنجام نەدات هەڵبژاردنی نوێ بڕیاری لێ دەدرێت، لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک و دواجار بۆ ٢ ئازاری ٢٠٢٠ بڕیاری لەسەردرا.

پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ٢ی مارسی ٢٠٢٠دا جارێکی دیکە پارتی لیکۆد بە سەرکردایەتی بینیامین ناتانیاهۆ بووەوە بە گەورەترین لیستی بەشدار، بە بەدەستهێنانی ٣٦ کورسی کنێست بە رێژەی دەنگی ٢٩.٤٦٪ لە بەرامبەر رکابەرە سەرەکییەکەی کە پارتی شین و سپی بە سەرکردایەتی بینی گانتز بە بەدەستهێنانی ٣٣ کورسی بە رێژەی دەنگی ٢٦.٥٩٪، لیستی هاوبەشی عەرەبی رێژەی کورسیەکانی بەرزبوەوە بۆ ١٥ کورسی.

پاش تێپەڕبونی زیاتر لە مانگێک و پاش چەند هەڵبژاردنێکی بێ ئەنجام، سەرەنجام سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ناتانیاهۆو رکابەرە سەرەکییەکەی بێنی گانتز رێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی فریاکەوتنی نیشتیمانی، لەسەر بنەمای بەشکردنی ٣ ساڵ ماوەی حکومەت بە جۆرێک ساڵێک و ٨ مانگی سەرەتای حکومەت ناتانیاهۆ سەرۆکایەتی بکات و ساڵێک و ٨ مانگی کۆتایی گانتز سەرۆکایەتی بکات.

حکومەت لە ٣٠ وەزارەت پێکدێت و لە ماوەی دەسەڵاتی ناتانیاهۆ، گانتز جگە لە پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران، وەزارەتی بەرگری لەدەستدا دەمێنێتەوەو ناتانیاهۆ مافی ئەوەی نییە دوری بخاتەوە، هەروەها هاوڕابون لەسەر ئەوەی وەزارەتی داد بدرێتە کاندیدێکی هاوپەیمانی شین و سپی، هەردو پارت مافی ڤیتۆکردنی هەر بڕیارێکی پەیوەست بە وەزارەتی دادیان هەبێت.

لەگەڵ بڵاوبونەوەی رێکەوتن لەسەر ئەو خاڵانە بۆ پێکهێنانی حکومەت پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان دژی ئەو بڕیارە وەستانەوەو بە حکومەتێکی گەندەڵی شکستخواردو ناوزەدیان کرد.

لە کۆتایدا لە رۆژی ١٣ی ئایاری ٢٠٢٠ بینیامین ناتانیاهۆ بە فەرمی رایگەیاند پاش سێ خولی هەڵبژاردن دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، ناتانیاهۆ لە رێگەی کەناڵە فەرمییەکانەوە بە سەرۆکی وڵات روڤین ریڤلین و سەرۆکی پەرلەمان (کنێست) راگەیاند؛ لە پێکهێنانی حکومەتدا سەرکەوتو بوە، داوای لە سەرۆکی کنێست کرد، کە ئەنجومەنی گشتی کۆببێتەوە بۆ دەنگدان لەسەر پێکهێنانی حکومەت، بەڵام ئەم حکومەتەش زۆری نەخایاندو لە ماوەی چەند مانگێکی کەمداو لە رۆژی ٢ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٠دا پڕۆژەیەکی ئۆپۆزسیۆن بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان کاتێک کێشەی سەرەکییان پەسەندکردنی بودجەی وڵاتەکە بو، بە دەنگی پەسەندی ٦١ دەنگ بەرامبەر بە ٥٤ دەنگی نەخێر، لەکاتێدا گانتز رکابەری سیاسی ناتانیاهۆ رایگەیاند پارتەکەی هاوپەیمانیەتیەکە جێدەهێڵێت.

سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆنەکان ئاماژەی بەوەکرد (ناڕازی بوون و رق و ئیدارەو سیاسەتی شکستخواردوی ناتانیاهۆ دەوڵەت لاواز دەکات و تا لە سەرۆکایەتیدا بێت لەم کارانەی ناوەستێت).

لە کۆتاییدا بڕیاری ئەنجامدانی چوارەم هەڵبژاردن درا لە ماوەی کەمتر لە دو ساڵداو رۆژی ٢٣ی ئازاری ٢٠٢١ بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر پرۆسەکە بەردەوام بوو.

## پوختەی سەرنج و تێبینیە پێشبینیکراوەکان بۆ ٢٤ەمین خولی پەرلەمانی ئیسرائیل (کنێست)

- بەپێی راپرسیە ئەنجامدراوەکان پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن پارتی لیکۆد بە سەرکردایەتی بنیامین ناتانیاهۆ دەبێتەوە بە گەورەترین لیستی پەرلەمانی، بەڵام لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا ناتوانێت رێژەی تەواوی ٦١ کورسی بەدەستبهێنێت بۆ پێکهێنانی حکومەت.
- بەپێی ئەنجامە بەراییەکان تا ئێستا نزیکەی ٩٠٪ی دەنگەکان هەژمار کراوە، پارتەکەی ناتانیاهۆ و هاوپەیمانە سەرەکییەکانی نزیکن لە بەدەستهێنانی ٥٩ کورسی کنێست.
- چاوەڕوان دەکرێت پارتی (رەعم - لیستی عەرەبی یەکگرتوو) بە سەرکردایەتی (مەنصور عەباس) کە ئێستا خاوەنی ٤ کورسی پەرلەمانییە، دەنگەکانی زیاد بکات بۆ بەدەستهێنانی ٥ کورسی، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە مافی ئەوە بدات چ لایەنێک حکومەت پێکبهێنێت، ئەگەر لەناو پەرلەمانی ئیسرائیلی هاوپەیمانی پێکبهێندرێت، تا ئێستا هەڵوێستی پارتەکەی رانەگەیاندوە، کە ئایا وەک ئۆپۆزیسیۆن دەمێنێتەوە یاخود پشتیوانی پێکهێنانی حکومەت دەکات.
- لێکترازان و گۆڕانکاری بیروڕاو دروستکردنی هاوپەیمانی و هەڵوەشاندنەوەی لەناو پارتە بچوکەکاندا زۆر هەیە، بەتایبەتی لەناو پارتەکانی ئۆپۆزسیۆندا بەهۆی جیاوازی زۆری بیروباوەڕیانەوە.
- زۆرینەی پارتە سیاسییەکان پێش گفتوگۆو دانوستان یەکلایی بونەتەوە بە جۆرێک دابەش بون بۆ دو بەرەی سەرەکی (ناتانیاهۆ * گانتز) بۆیە هەژمارکردنیان پێش هەر دانوستان و کۆبونەوەیەک هێندە زەحمەت نییە.
- ناتانیاهۆ ئامادەیە هەمو سازشێک بکات بە مەرجێک سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە دەستی خۆیدا بمێنێتەوە، پەیامی ناڕاستەوخۆی گەیاندوە کە دەرگای پێنجەمین هەڵبژاردنیش کراوەیە.
- ناتانیاهۆ لەکاتێکدا چەندین کەیسی گەندەڵی لەسەرەو گەر دەستی لە دەسەلات ببێتەوە دەزانێت دادگایی دەکرێت و کۆتایی بە ژیانی سیاسی دێت، بۆیە هەمو هەوڵێک دەدات گەر نەتوانێت رێژەی پێویست بەدەستبهێنێت پێنجەمین هەڵبژاردن ئەنجام بدات.
- دروستکردنی هاوپەیمانێتیەکی گەورە لەنێوان دو گەورەترین پارتی رکابەر چاوەڕوان نەکراوە، بەهۆی ئەوەی لە دو ساڵی رابردودا پاش هەستکردنیان بە بەرپرسیارێتی بە شێوەیەکی نائارەزومەندانە لە پێناوی سەقامگیری نیشتیمانیاندا حکومەتی هاوبەشیان پێکهێنا، بەڵام سەرکەوتو نەبون بۆیە بۆ ئەم خولە چاوەڕوان نەکراوە لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن.

- پارتی شین و سپی هەمو هەوڵێک دەدا بۆئەوەی دەسەڵات لە دەستی ناتانیاهۆ دەربهێنێت، بۆئەمەش پشتیوانی سەرۆکی وڵاتی هەیە لەبەرئەوەی سەرۆک پێشتر رکابەری سەرەکی ناتانیاهۆ بوە.
- ئیسرائیل لە سێ دەیەی یەکەمی سەدەی ربردودا لەسەر دەستی دەستەبژێرێکی بەتواناو شارەزا خۆی سەپاند و کاریگەر دەرکەوت، بەڵام پێدەچێت نەوەی ئێستای دەستەبژێری سیاسی ئیسرائیل لە ئاستی ئاڵنگارییەکاندا نەبێت، لە مێژووی ئیسرائیلدا هیچ دەستەبژێریکی سیاسی هێندەی دەستەبژێری ئەمڕۆ ناکۆک و گەندەڵ نەبوون، ئەمەش خەریکە ئیسرائیل شکۆی لەدەست بدات و دەستپێشخەریش لەدەست دەدات.
- پێدەچێت قەیرانی سیاسی ئیسرائیل کاریگەری نەرێنی بخاتە سەر پلانەکانی ئەمەریکا لە سوریا، هەروەها لەسەر پلانەکانی دژایەتی کردنی ئێران، لەبەرئەوەی ئیسرائیل بەبێ حکومەتێکی بەهێز ناتوانێت خزمەتی سیاسەتەکانی ئەمەریکا بکات.

**ناوی پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە ٢٣هەمین کنێست و ئاڕاستەو ئایدۆلۆژیایان:**

- لیکۆد – بزوتنەوەی لیبراڵی نەتەوەیی – ناوەند، راستڕەو.
- شین و سپی – ناوەند.
- شاس – راستڕەو.
- تەوراتە یەکگرتوەکانی جولەکە – راستڕەو.
- پارتی ماڵی یەهودی – راستڕەو.
- کولانو – هەموان – ناوەند.
- جسر – پارتی پرد – ناوەند.
- ئاگودات یسرایل – یەکگرتووی ئیسرائیل – راستڕەو.
- دیگل هاتوراهـ – راستڕەو.
- یەش ئەتید – داهاتوو هەیە – ناوەند.
- لیستی هاوبەش – فرە رەهەند.
- حدش – بەرەی دیموکراتی بۆ ئاشتی و یەکسانی – چەپ.
- ماکی – پارتی شیوعی ئیشتراکی – تەواو چەپ.
- سەربەخۆکان.
- بلد – کۆمەڵەی نیشتیمانی دیموکراتی – چەپ.
- تەئال – بزوتنەوەی عەرەبی بۆ گۆڕانکاری – فرە رەهەند.
- یسرایل بیتنا – ئیسرائیل ماڵمانە – ناوەند، راستڕەو.
- رام – لیستی عەرەبی یەکگرتوو – فرەڕەهەند.
- مێرتز – چالاکی – چەپ.
- یامینا – بەرەو راستی – راستڕەوی نوێ.
- تەلەم – جوڵانەوەی نەتەوەیی – ناوەند.
- لابۆر – پارتی کاری ئیسرائیلی – ناوەند، چەپ.
- پارتی دینی زایۆنیست – تەواو چەپ.
- دیریغ ئیرتز – رێگەی خاک – ناوەند، راست.

**پێکهاتە و پەیکەرەی ٢٣یەمین ئەنجوومەنی گشتی ئیسرائیل (کنێست)**

جۆر: تاک ئەنجومەنی (یەک ئەنجومەنی یاسایی هەیە)

سەرۆکایەتی:

وتەبێژ (قسەکەر): یەریڤ لیڤێن (لیکۆد) لە ١٧ی ئایاری ٢٠٢٠ەوە.

سەرۆک وەزیران: بینیامین ناتانیاهۆ (لیکۆد) لە ٣١ی ئازاری ٢٠٠٩وە.

جێگری سەرۆک وەزیران: بێنی گانتز (شین و سپی) لە ١٧ی ئایاری ٢٠٢٠ەوە.

سەرکردەی بەرهەڵستکار (ئۆپۆزیسیۆن): یەریڤ لاپید (ئاینده هەیە) لە ١٧ی ئایاری ٢٠٢٠ەوە.

ژمارەی ئەندام: ١٢٠

گروپی سیاسی (فراکسیۆن) بەشدار لە حکومەت: ٦٦ ئەندام

- لیکود ٣٧ (٣٥ + کولانو ١ – جەشەر ١)
- شین و سپی ١٢
- شاس ٩
- یەهدوت هاتواهـ ٧ ( ئاگودات یسرایل ٤ + دیگڵ هاتوراهـ ٣)
- ماڵی یەهودی ١

گروپی سیاسی (ئۆپۆزیسیۆن): ٥٤

- داهاتو لێرەیە ١٦
- لیستی هاوبەش ١١ (حەدەش٥ (ماکی٤ + سەربەخۆ١) + بەلەد ٣ + تئال٣)
- ئیسرایل بیتنا ٧
- رام ٤
- مێرتز ٤
- یامینا ٣
- تەلەم ٣
- لابور٢
- پارتی دینی زایۆنیست ٢
- دێریک ئێرتەز ٢


سیستمی سیاسی ئیسرائیل
سەرۆك وەزیران
جێبەجێکردن
پێکی دەهێنێت
هەڵدەبژێرێت
ڕای دەسپێرێت
حکومەت
جێبەجێکردن
سەرۆکی دەوڵەت
کنێست
(پەرلەمان)
یاسادانان
چاودێری دەکات
٧ ساڵ جارێك
هەڵدەبژێردرێت
دەنگ دەدات
هاوڵاتی
دەنگدەران